سەید حەکیم: رکابەری ئابووری گرنگترین کاریگەرییەکانی شەڕی ناوچەکەیە و پێویستە مووچەی فەرمانبەران و شایستیە جوتیاران و بەڵێندەران پارێزراو بێت

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بەکۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزی بەنی تەرف لە میوانخانەی شێح عەزیز کنجی تەرفی، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم باسی مێژووی پەیوەندی بنەمالەی حەکیمی لەگەڵ ئەو هۆزە بەڕێزە کرد و گوتیشی هۆزەکان کۆڵەکەی گرنگی کۆمەڵگای عیراقین.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە عێراق زەرەر مەندی سەرەکییە لە شەڕی ناوچەکە و بەگەڕانەوەی شەڕەکەش دیسان زیانی پێدەگات، ڕوونیشی کردەوە کە ڕکابەری ئابووری گرنگترین ڕکابەرییە ئەویش دەبێت مووچەی فەرمانبەران و شایستەی جوتیاران و بەڵێندەران دابین بکرێت و کەرتی تایبەت بە جووڵە بخرێت و هەلی کار دابین بکرێت و ئەمنی خۆراك و کۆمەلایەتی بەدی بێت، پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش تەواو بکرێن.

.

بەڕێز حەکیم ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە لە ئەنجامدا سەقامگیری لە عێراق و پاراستنی دەستکەوتە ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بوون، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نیازی عێراق بۆ کارکردن بۆ وەستاندنی شەڕ لە ناوچەکەدا، سەید حەکیم ستایشی کەربەلای پیرۆز و ئاوەدانکردنەوە و دەستکەوتی بەدەستهێنراوی تێدا کرد و داوای پشتیوانی و بەهێزکردنی پارێزگارەکانی کرد، جەختی لە گۆڕینی ڕکابەریان بۆ دەرفەتەکان کردەوە، بەڕێزیان هۆشداریشی دا لە ئەجێنداکان کە هەوڵی ئیستغلالکردنی خۆپیشاندانەکان دەدەن بۆ داخوازی ڕەوا، داوای لە کەسانی کاریگەر کرد کە گۆڕەپانی سیاسی هەڵبوەشێننەوە و هۆکار و دەرئەنجامی ڕووداوەکان ڕوون بکەنەوە...